# برینە سارێژ نەکراوەکان

**بارزان شوان**



کاتێک مرۆڤ خەیاڵ دەیباتەوە و بیر لەو هەموو پێشهاتانەی کە بە سەر کوردوستان بە تایبەتی وناوچەکەدا هاتوون و ئەو هەموو لافاوە خوێنەی خەڵکانی کوردستان دووچاری هاتنوون دەکاتەوە، کە هەندێکیان بە ناوی ئەنفال و ئەوی تریشیان بە هۆی تاقی کردنەوەی چەکە کۆم کوژەکانی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو کە بەسەر کورداندا ڕژێندران بێگومان ئەو کارەش بە بەرچاوی وولاتە مەزنەکانی جیهانەوە بە ئەنجام گەیەندران، بە بێ ئەوەی تەنها لە ماسمێدیاکانیشیان باسی لێوە بکەن و بە گرفتێکی نێوخۆیی وولاتی عێراقیان ناو دەبرد، خۆ بەسەروی هەموویانەوە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو کە بێدەنگی لەو بوارەوە دایگرتبوو، ئەوڕۆ بە تاونێکی سەرەکی سەر بە ڕژێمی بەعسی ناو دەبەن کەچی لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری وولاتانی جیهان بەشداری سەرەکی ئەو تاوانە گرانە بوون، یەکسەرە ئەوڕۆ خەیاڵ بەرەو تەوژمی بارگرانی تێرۆریستان ڕێ دەپێوێت، ئەم کارەساتانە هەم لە باکورو باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردوستانەوە هەتا وەکو لوبنان بار دەکێشێت، هەروەها باڵکێش دەبێت بەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەکانی عێراقەوە، جگە لە تراژیدیا دووپاتکراوەکان کە تەنها گەل ڕۆژانە باجەکەی دەداتەوە، ئەو باجەی کە دەدرێت لە بری ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی و درووستکردنەوەی پاشەڕۆژی وولات ئەوڕۆ قەیران کراوەتەوە.

کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕوی ئەو هەموو بەسەرهاتانە دەبێتەوە، بێگومان دەگاتە بڕوایەک کە ئەو هەمو جۆش و تەقەلایەی لەو وولاتانەوە بەجۆش دێن دەبینیت هیچ پەیوەندیەکیان نە بە گۆڕانکاری ڕۆشنبیری نە کۆمەلایەتی وە نە بە سیاسیەوە هەیە، هەروەها پابەند نین بەو کەش و هەوا سیاسیەی لەو وولاتانەدا باوە. ئاشکرایە کە ئەو سیناریۆیەی تەوژمی هێناوە بەسەر ئەو وولاتانەدا گشتی بەندن بە ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەرەوە، هەر ئەو هۆیەش بوو کە گەلی کورد تا ڕادەیەک توانی سوودی لێ وەربگرێت، هەر هەمان هۆشە کە ناکۆکی و دووبەرەکی خستۆتە نێو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانەوە، کاردانەوەی ئەو هەموو ڕووداوانە گرنگن بەسەر گشت ئەو کۆمەڵگانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، بۆ هەندێک لایەن گوایە ئەو گۆڕانکاریانە ڕەوشی ڕۆشنبیری و سیاسیو کۆمەلایەتی ئەو دەڤەرە بەرەو پێش دەبات و ڕەوشی گشت هاوڵاتیان گوایە دەگۆڕدرێت و فێری دیموکراتیەتیان دەکات، لە هەمان کاتدا هیچ تاک لەو ڕابەرانەی ئەوڕۆ دەسەڵاتدارن بەقەدەر یەک تاڵە موویەک چیە پابەندی بنەما دیموکراتیەکان نین و لە دیموکراتیەت بە هیچ جۆریک هەر تێ ناگەن و لە ڕەفتارەکانیان خویا دیارن کە پێشبڕکێی یەکتر دەکەن بۆ بنیات نانی تایفەگەری و بنەماڵە گەڕیتی و خانەوادەو کەسوکار پەرەستین و تەنها مەرامیان پاراستنی بەرژەوەندی تاکی خۆیان و ماستاوچیو دام و دەستە

چلکاوخۆرەکانیانن، لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە دەسەڵاتداران بە گشتی لەبلەبانن لە قسەی زل و بێهاوتان لە خشتەبردنی هەستی هاوڵاتیان و لێهاتوون لە پێچانەوەی بەروبوومی میللەت بۆ گیرفانە تێهرنەبوو و هەڵسوکەوتە قێزاویەکانیان. خۆتان کرد بە میراتگری بەروبومەکانی میللەت، نەماندەزانی خۆڵ لە چاومان دەنێن و ڕاستیەکانمان لێدەشارنەوە، بەڕاستی ئازان لە خۆگۆڕین و ئەزمەنێکی دەوڵەمەنتان لەو بارەیەوە بۆ ماهوەتەوە، بەردەوام دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەل هەنگاو دەنێن و هەر جارەش بە شێوەیەک خۆتانمان دەدەنە بەرچاو، هەمیشە خۆتان لە تاوانگەلی میللەت دەشارنەوەو، ووڵاتپارێزان ناوزڕ دەکەن. هەردەم پیشەتانە کە ملی تاوانەکانتان بە هاوڵاتیە ساکارەکاندا بێشەرمانە بسڕن.

گەلێک مخابن بۆ ئەو بە ناو مرۆڤ و سیاسەتمەدارانەی کە دەیانویست بە ناوی بە دیمکراتی بوونی سیستەمە سازکراوەکانیان هەوڵیان دا بەرگی تازەو نفتو نوێ بکەنە بەر ووڵات و کۆمەڵگاکەیان ،کەچی سەرەڕای ئەوەش ڕاستەوخۆ دوورەپەرێزیان لە هەموو تایبەتمەندی  و بابەتە جۆراوجۆرەکانی سەر بە مەدەنیەت و داب ونەریت و داڕێژەری مێژووی ئەو ووڵاتەیان کە بەڕاستی ئەم گەلانەی لە گەلە پاشڤەچوەکاندا جودا دەکردەوە بێباکانە خستیانە ژێر خاکەوە. خۆ تایبەتمەندی ئەم گەلانە  هەر هەمان حاڵی ئەو گەلانەی تری جیهانیان هەیە کە زەحمەتە بتوانیت ئەو کراسە کولتوریەی لە بەریدایە بیگۆڕیەوە بە کراسێک کە هیچ پەیوەندی بە داب و نەریتیانەوە نەبێت.

ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕاستەوخۆ عێراق دەگرێتەوە، لەو کاتەوەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان بڕیاریان دا کە ئەو ووڵاتە بکەن بە نمونەیەکی تاک لە گشت ناوچەکە و ببێتە دەرگای سەرەکی بە دیموکراتیزە کردنی زۆردی لە گشت جیهاندا، کاردانەوکەشی تا ئێستاکێ زۆر دڵتەزێنە هەم بۆ عێراقیەکان و هەم بۆ ئەمریکا، خۆ تاوەکو ئێستا کوژراوانی سەربازە ئەمریکیەکان گەلێک زیاترن لە کوژراوانی یازدەی سێپتەمبەر.

لەو تێهەڵچونە سیاسیەی ئەوڕۆدا کە بە ناوی بەگژداچونی تائیفی نازناوی دەرکردوە، گەلێک کارت و کاغەزی سیاسی تێکەڵ بە یەکتر بوون، یەک لەو کۆمەڵە کارتانە ئەوانەن کە بەڕاستی پاڵپشتی لە گەشە پێدانی ئەو ئاگرە دەکەن کە هەمیشە لە گڕداچووندایە و ناگیرسێتەوە، بۆ ئەوەی تا بێت کارەکە خراپتر بێت و پێکدادانی ناوخۆیی سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە و لە خاڵی سفردا دەست پێبکات. بە بۆچونی ئەوان  کە هەندێکیان لە دامو دەزگا حکومیەکان دەستیان دەڕوات و لە نێو پەرلەمانی عێراقیدا بە ئاشکرا کارە تێرۆریستیەکان دەستخۆش دەکەن و بە مقاوەمە ناویان دەبەن هەردەم لە بەر چاو گشت پارتە سیسەکاندا نەترسانە لەو کارانە دەدوێن، چونکی باش دەزانن کەسانێکی ولۆ لەوێ نین تا بتونن بەرپەچیان بداتەوەو باش دەزانن ئەو پەرلەمانتارانە تەنها بۆ لرف خواردن لەوێ کۆبوونەتەوەو هیچی تر ، ئارمانجی ئەم گروپانە تەنها دەسەڵات گرتنە بەسەر ئەو ووڵاتەدا و هیچی تر.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەوە بابەتانەی هەر وەک توێکڵە گوێز ڕوون و ئاشکرا دیارن، دوورن لەو ناکۆکیانەی کە لە ناوەوەی داکۆکیەکانن، پیاچونەوەیەکی ڕاستی تێدا بەدی ناکرێت کە کاردانەوەکەی ڕوخاندنی ئەو بەسەرهاتانە بێت ڕۆژانە ڕوو دەدەن و گەماڕۆی ئەو خاڵە سەرەکیانە ناکەن کە ئاگر خۆش کەرن، ئەم پێداچووەوەیە نەک تەنها بۆ کوردان باشە نەخێر بەڵکو عارەبەکانیش سوودی لێ وەردەگرن و بگرە گشت ناوچەکە وهەمو جیهانیش سوودمەند دەبن و بەرژەوەندیەکان زیاتر لە یەک نێزدیک دەبنەوە، مانەوەی تێرۆر و پێکدادانی تائیفی دەبنە هۆی هەڕەشەیەکی مەزن دژ  بە هەموو لایەنە سوودمەندەکان.

بە بڕوای هەموان کارکردن و بایەخدان لەم بوارەوە لە لایەن هەموو مرۆڤ دۆستان و بانگهێشی گشت لایەنە جوداکان کە لە دەڤەری ناوخۆ و نێودەوڵەتیو ناوچەکە دەکات کە تێکڕا بەشداری کەن لە دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی کە بەڕاستی دەبنە هۆی بەرقەرار بون و هێنانە دی  ئاسایش ئارامی بۆ گشت عێراق و ناوچەکە. نابێت لەو باوەڕەدا بین کە کارکردن دژ بەو بیروڕایەنە دەبنە هۆی  ناشتنی داری ئازادی و بەهێزکردنی پەیوەندیە گشتیەکانی نێوان گشت هاوڵاتیان و خۆشکردنی زەمینەیەک کە ببێتە هۆی چەقاندنی دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینە لەو ناوچانەدا، کە بێگومان بۆ هەموو لایەنەکان سوودبەخشە.

ئەگەر گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندی ئەو بۆچونانە بن ئەو کاتە هیچ گرفتێک دووچاری پێشکەوتنەکان نابنەوە و هەردەم بەرەو پێش هەنگاو دەنێین و ئەو بەربەستانەی دوژمنان بۆیان هەڵچنیون بە یەکگرتنی دەنگی هاوڵاتیان خاپور دەکرێن، لەم چوارچێوەیەدا ئاشتی و ئاسایش بۆ گشت هاوڵاتیان بەرقەرار دەبێت، بە یەکگرتن کارە تێرۆریستیەکان سەربەخۆ نامێنن. جگە لەوەش کەش و هەوایەکی ولۆ دێتە ئاراوە کە تەبایی و ئاسایش بۆ گشت مرۆڤی ئەو سەر زەمینە دێتە کایەوە، هەر لە گەڵ نەمان و کەمبونەوەی کارە تێرۆریستیەکان، ئارەزوە گشتیەکان چێگەی خۆیان زیاتر سەنگین دەکەن. پەیڕەوی کردن بۆ نەهێشتنی داکۆکیەکانی کە ئەوڕۆ هەن لە عێراق و سۆماڵ و فەڵستین پێویستی بە هاوکری نێودەوڵەتی و کاری هەمەلایەنە هەیە، هەردەم لە سەر سیاسەتمەداران پێویستە کە خۆیان دوورەپەرێزی گرفتە گشتیەکان نەکەن و هەمیشە لە هەوولی ئەوەدا بن کە گرفتە ئاڵۆزەکان سارێژ کەن و داکۆکیە سەرەکیەکانی نێو ئەو پارتە دەسەڵاتدارانە بنبڕ بکەن ، ئەو پارتانە بە گشتی پێویستیان بە دان بەخۆگرتن هەیە و بەرەنگاری ئەو لایەنانە بنەوە کە دژ بە پرۆژە ئاشتی خوازەکانن و بە توندی بنکەو مەڵبەندی ئەو کەسانەی کە بە ناو پارتیان دروست کردوە کەچی لە ڕوالەتدا بە خۆیان بەشێکن لە تۆڕی تێرۆریستان. ئەگەر هاتو گشت پارتە سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندی یەکپارچەیی عێراقێکی فیدراڵ کار نەکەن و بەرژەوەندیە تاکیەکان نەخەنە لاوە، ئەو کاتە وولاتی عێراق بە تایبەتی و ناوچەکە بە گشتی دووچاری شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی بێپایەن درێژخایەن دەبێتەوە و ئەوسا کارکردن و هەوڵدان بۆ خامۆشکردنەوەو کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕە دژوارە بە کارێکی مەحاڵ دەتوانرێت لە قەڵەم بدرێت .

200705

**سويد**

uvnbas@hotmail.com